کوردستانیکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دیموکرات

# ئازادیی قەرەچووغ
Azadî Qereçûx

ساڵنامەیەکی رۆشنبیریی گشتیی هەمەڕەنگە، هەرێمی قەرەچووغی YNDK ساڵانە لەیادی ئازادکردنی شاری مەخموور و دەوروبەری دەریدەکات      ژمارە (٤) سێ شەممە ٢٠٠٧/٤/١٠   ٢١ی نەورۆزی ٢٧٠٧ی کوردی



دەڤەری قەرەچووغ لەبەردەم دووڕیانی دوو ئیدارەیی و جێبەجێکردنی مادەی ( ١٤٠ ) دا.. ل٤



بۆچی ژنان لە بواری هونەرییدا کەم بەرچاو دەکەون؟..ل٦



مەریوان مەخمووری : هونەر بۆ هونەرمەند نیشتمانێکی گەڕۆکە... ل٧

## لەچواردەمین ساڵیادی ئازادیدا :

# باهەموو لایەکمان کار بۆ اوەدانکردنەوەی دەڤەری مەخموور بکەین

### غەفوور مەخمووری

مەخموور یەکێکە لە دەڤەرە بەپیتو بەرەکەتەکانی کوردستانو خودان بایەخو تایبەتمەندی خۆیەتی لە بواری ئابووریدا، خاکی دەڤەری مەخموور (دەشتی قەراجو دەشتی کەندێناوە ) بە پیترین خاکە بۆ کشتوکاڵ بە تایبەت گەنمو جۆ، هەروەها کانە نەوتێکی زۆر لە دەڤەرەکەدا هەن بە تایبەت لە قەرەچووغو زوورگەزراو، کانە نەوتەکان هەڵکەندراونو سەریان داخراوە وەکو یەدەگ بۆ دوارۆژ ئامادەکراون، بایەخی ئابووری دەڤەری مەخموور وای کردووە کە رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام چاوی تێبڕنو هەوڵی بەعەرەبکردنی بدەن، بۆیە بەهەموو شێوەیەك هەوڵیانداوە کە عەشیرەتە عەرەبەکان لە ناوچەکەدا نیشتەجێ بکەن، هەربۆ ئەم مەبەستەش رژێمی رووخاوی عێراق لە دوای ١٩٨٨وە هەرچی زەویو زاری کوردان هەبوو دەستی بەسەردا گرتو پاشان بەخشیە هۆزە عەرەبەکان، بەوەش نەوەستا مەخموور کە یەکێکە لە کۆنترین قەزاکانی چوارچێوەی داتاشراوی عێراقو لە ساڵی ١٩٢٧ کە بۆتە قەزا سەر بە پارێزگای هەولێر بووەو لە هەموو روویەکەوە بەشێك بووە لە سنووری پارێزگای هەولێر، بایەخو گرنگی مەخموور وای کرد کە رژێمی رووخاوی عێراق بە بڕیارێك لە ئەیلولی ١٩٩٦ بیخاتە سەر پارێزگای موسڵو تا ئێستاش واماوەتەوەو خەڵکەکە لە چاوەڕوانی رەحمەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقدان، کە لە راستیدا پرسی مەخموور لە پرسی دەڤەرەکانی تر جیایەو مەخموور لە ١٩٩٦وە خراوەتە سەر موسڵ،ئەمەش بە بڕیارێك کراوە ئێستاش دەتوانرێت بە بڕیارێك لە سەرۆکایەتی کۆمار یا ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق مەخموور بخرێتەوە سەر هەولێر بۆ ئەم مەبەستەش چ کوردو چ عەرەبی ناوچەکە هاوڕاو هاوهەڵوێستنو هیچ گرفتێك نییە، بۆیە دەبێ گرووپی کوردستان لە بەغداچ لەپەرلەمانی عێراقو چ لە ئەنجومەنی وەزیرانو چ لە لیژنەی باڵای جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ ئەم پرسە بەبایەخەوە وەربگرنو کاری لەسەر بکەنو داوا بکەن بەبڕیارێك مەخموور بخرێتەوە سەر هەولێر لەبەرئەوەی مێژووی دابڕانەکەی دوور نیەو چەند ساڵێکە !

مانەوەی مەخموور بەم شێوەیەی ئێستای خەڵکی دەڤەرەکەی نیگەران کردووە مەخمووریشی لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بێبەشکردووە ، ئەم رەوشە مەخمووری خستۆتە نێوان بەرداشی ئیدارەی حکومەتی عێراقو ئیدارەی حکومەتی کوردستانو ئەوە چوار ساڵە دەڤەرەکە ئازاد بووە بەڵام تا ئێستاش لە وێرانەیەك دەچێتو رۆژ بەرۆژ لە جیاتی ئەوەی ئاوەدان بکرێتەوە وێرانتر دەبێت، خەمی سەرەکی خەڵکەکە گەڕانەوەی ئاوارەکان و جوانکردنو ئاوەدانکردنەوەی شارەکە بوو نەکرا، جگە لە ئەنجامدانی چەند پڕۆژەیەکی زۆر کەم هیچی تر نەکراوە، لە رووی تەندروستییەوە جگە لە بنکەیەکی تەندروستی تا ئێستا نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن بە پێویستییە تەندروستییەکانی لێ نیە، بازاڕێکی هاوچەرخی بۆ دروستنەکراوە، قوتابخانەکانی وەکو پێویست نین، پارکێکی مۆدێرنی بۆ دروستنەکراوە، شوێنە گەشت و گوزارییەکان ( بن بەرد ، دەرمانئاوا ، بازارگە ، زوورگەزراو ، قەرەچووغ ) بایەخیان پێنەدراوە، یاریگایەکی چیمەنرێژی بۆ دروستنەکراوە، گرفتی ئاوی خواردنەوەی بە تەواوی چارەسەرنەکراوە، شەقامەکانی پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە ....تد .

لە هەمووی گرنگتر خەمی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانە، کە بە داخەوە جگە لە چەند گوندێك گوندەکانی تر هەموویان وەکو خۆیان ماون و ئاوەدانەکراونەتەوە، سنووری مەخموور بە پێی سەرژمێرییەکانی ١٩٥٧، (٢٣٤ ) گوند بووەو تا ساڵی ١٩٦٨ بۆتە ٢٤١ گوندو تا ساڵی ١٩٨٨ حکومەتی بەعسی رووخاو ١٨٠ گوندی رووخاند و وێران کرد، تەنها ٦١ گوندی هێشتەوە لە سنووری مەخموورو گوێڕو قەراج و کەندێناوە ئەم گوندانەش عەرەبنشین کرابوون ، لەگەڵ رووخانی رژێمی عێراق لە ٢٠٠٣/٤/٩ خەڵکی گوندە رووخاوەکان بە لێشاو گەڕانەوە گوندەکانیانو ماوەیەکی زۆر بە ئومێدی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان مانەوە ، بەڵام بەداخەوە نە حکومەتی عێراق و نە حکومەتی کوردستان هاوکاری خەڵکەکەیان نەکردو خزمەتگوزاری پێویستیان بە گوندەکان نەگەیاند، خەڵکەکە ناچار بوو وردە وردە پاشەکشە بکەن و گوندەکان بە جێبهێڵنەوە، تا ئێستاش خەڵکی ئەو گوندانە لە چاوەڕوانی گەڕانەوەدان و بە ئومێدن خزمەتگوزاری پێویست بە گوندەکان بگەیەنرێت تا ئەوان بتوانن تێیدا بژین، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان جگە لەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانیە، رۆڵێکی کاراشی دەبێت لە بووژاندنەوەی ئابووری کوردستان، بۆیە لەسەر حکومەتی کوردستانە کە بایەخی تەواو بەو پرسە بدات و لە نزکترین دەرفەتدا رێگاوبان و پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەو کارەبا و بنکەی تەندروستی و قوتابخانە بۆ ئەو گوندانە دروستبکات و هاوکاری خەڵکەکەش بکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان .

دەڤەری مەخموور ئێستا لە هەموو کات زیاتر پێویستی بە کەسانی دڵسۆزو دەستپاك هەیە بۆ ئەوەی ئاوەدانی بکەنەوەو هەڵی بستێننەوەو تۆزی وێرانەیی و بێ خزمەتگوزاری و نەهامەتی لێ دابتەکێنن، هەر لێرەوە داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی حکومەتی کوردستان دەکەین کە لیژنەیەکی تایبەت بۆ ئاوەدانکردنەوەی دەڤەری مەخموور پێکبهێنن و سەردانی دەڤەرەکە بکەن و پێداویستییە خزمەتگوزارییەکانی دەستەبەر بکەن و شارەکە و شارۆچکەکانی (دیبەگە ، گوێڕ ، قەراج ) و گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. جەماوەری دەڤەری مەخموور چاویان لە هیمەتی ئێوەیەو چاوەڕوانن داخوا چیان بۆ دەکەن؟!

## عەبدولڕەحمان بێلاف: ئەوەی سەرێك لە مەخموور بدات هەست ناکات کە مەخموور قەزایە، زیاتر لە گوندێکی کاول و وێران بوو دەچێ

## نەبەز عومەر: بوودجەی مەخموور بۆ ساڵی ٢٠٠٦ ملیارێك و نیوە و ناحیەکانیش هەریەکەو ملیارێك دینارە، لە سەر ئیدارەی موسڵ



سەبارەت بەستی لە بەڕێوەچوونی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لە دەڤەرەکە، قائیمقامی قەزای مەخموور ئەوەی گەڕاندەوە بۆ پەیوەندبوونی ئیدارەی شارەکە لە نێوان دوو ئیدارەی موسڵ و هەولێر، هەروەها فەرمانڕەوایەتی کردنی دووساڵەی (cpa) ئەمریکییەکان لە ناوچەکە، کە رێگەیان بە حکومەتی کوردستان نەداوە لەو دوو ساڵەدا پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان لەو دەڤەرە ئەنجام بدەن . لە چاو پێکەوتنێکی تایبەتی ساڵنامەی (ئازادی قەرەچووغ) لەگەڵ تەواوی بەرپرسانی باڵای ئیدارەی شارۆچکەی مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەریدا، (عەبدولڕەحمان بێلاف) قائیمقامی قەزای مەخموور بە هۆی (٣٥) ساڵ لە پەیڕەو کردنی سیاسەتی تەعریب لەناوچەکە و ئەنجام نەدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە لەلایەن ئیدارەی موسڵەوە، وتی " ئەوەی سەرێك لەمەخموور بدات، هەست ناکات کە مەخموور قەزایە، زیاتر لە گوندێکی کاول بووی وێران بوو دەچێ "،بۆ سڕینەوەی ئاسەواری تەعریب لەناوچەکە رایگەیاند کە " گەورەترین دەسکەوتی ئێمە تێکدانی گوندی (نصر) ی عەرەبی هاوردەو گواستنەوەی (٦١١) فەرمانبەری عەرەبی تەعریب بوو بۆ شوێنی خۆیان". دەربارەی بوودجەی مەخموورو ناحیەکانی دەوروبەری لە سەر ئیدارەی موسڵ، (نەبەز عومەر) بەڕێوەبەری ناحیەی گوێڕ ئاشکرایکرد کە تا ساڵی ٢٠٠٦ هیچ بوودجەیەك بۆ دەڤەرەکە تەرخان نەکراوە، بەڵکو بۆ ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر بوودجەی ئیدارەی موسڵ بڕی " ملیارێك و نیو بۆ قەزای مەخموورو، بۆ هەریەك لە ناحیەکانی قەراج و کەندێناوەو گوێڕیش ملیارێك دینار تەرخانکراوە بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەی خزمەتگوزاریی "، بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە وردەکارییەکانی تر، درێژەی ریپۆرتاژەکە لەلاپەڕە (٥) بخوێنەوە .

## بەپێی بڕیاری (١) لە ماددەی (١٤٠) ی دەستووری ئێراق

## ئەو فەرمانبەرانەی کە بە هۆکاری سیاسی نەتەوەیی گواستراونەتەوە دەگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان

بە پێی نووسراوێکی ناحیەی کەندێناوە، کە داوا لەو فەرمانبەرانە دەکرێت کە بەهۆکاری سیاسی یا رەگەزی یا تایفەگەری یا ئایینی گواستراونەتەوە، سەردانی فەرمانگەی پەیوەندیدار بکەن بە زووترین کات، بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ ئەو فەرمانگەی کە تیایدا دەوامیان کردووە، ئەمەش لە میانەی جێبەجێکردنی بڕیاری (١) ی ماددەی (١٤٠) ەوە سەرچاوە دەگرێت و هەموو ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە کە لە ١٩٦٨/٧/١٧ ەوە تا ٢٠٠٧/٤/٩ ، گواستراونەتەوە بەو هۆکارانەی سەرەوە

## بەم زووانە لە مەخموور ئۆفیسێکی تایبەت بە ماددەی ١٤٠ دەکرێتەوە

**تا یبەت بە(ئازادیی قەرەچووغ)** قائیمقامی قەزای مەخموور بە (ئازادیی قەرەچووغ) ی راگەیاند، کە لەم چەند رۆژەی داهاتوو ئۆفیسێکی تایبەت بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە مەخموور دەکرێتەوە . کردنەوەی ئۆفیسەکەش دوای سەردانییەکەی (د.محەمەد ئیحسان) وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم و بە پێی داواکاری ئیدارەو دواتریش سەردانییەکەی نوێنەری وەزیری ناوبراو بەر لە نەورۆز بۆ مەخموور، دێت. بۆ ئەم مەبەستە لەلایەن ئیدارەی ناوچەکە (٣) ژووریان لە بنکەی وەرزش و لاوانی مەخموور بۆ دابین کراوەو کەل و پەلی خۆیان دێنن و دەستبەکار دەبن، هەروەها رایگەیاند" کە بەپێی ماددەکە خەڵکی ئەو دەڤەرە ناونووس دەکرێت، ئەو کەسانەی کە دەگەڕێنەوە قەرەبوو دەکرێنەوە بە پێدانی زەوی و ئەو بڕە پارەی کە بۆیان تەرخانکراوە ." ، عەبدولڕەحمان بێلاف قائمقامی مەخموور ئەوەشی خستەروو کە مەخموورو دەوروبەری جیاوازی هەیە لەگەڵ کەرکوك و سنجارو شوێنەکانی ترو وتی"ئێمە هیچ کێشەیەکی گەورەمان نەمایە، وەك عەرەبی تەعریب لە ناوچەکە" و ماددەکەش سەد دەرسەد جێبەجێ دەکرێت.

## لە مەخموور:

### هەڵمەتی کۆنکریتکردنی شەقامەکان بەردەوامە

ئاشکرایە لە ماوەی چوار ساڵی رابردووی ئازادیدا، قەزای مەخموورو دەوروبەری، پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەوتۆی بۆ نەکراوە کە ببێتە مایەی دڵخۆشی هاوڵاتیان و گۆڕینی سیمای شارەکە بۆ شێوەیەکی باشتر،دیارە پارێزگای موسڵ لە بوودجەی ساڵی ٢٠٠٦ ی خۆیدا، کە لە کۆتایی ساڵی رابردوو بوودجەی قەزاو ناحیەکانی دیاریکرد و لە یەکەم قۆناغیشدا، ئێستا پڕۆژەی کۆنکریتکردنی کۆڵانەکانی قەزای مەخموورو ناحیەکانی بەڕێوە دەچێت، وا چاوەڕوان دەکرێت پڕۆژەی تریشی بەدواوە بێت .

## لە ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ دا

## دوای سێ ساڵ بەخشینیان، خوێندەڤانان بەشداری لە تاقی کردنەوەی (زمانی کوردی)دا دەکەن



دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٧ پڕۆسەی خوێندن لە تەواوی خوێندنگاکانی مەخموورو دەوروبەری بە عەرەبی کرا، ئەمەو لە یەکەم رۆژی دەستپێکردنی خوێندن لە دوای ئازادی ناوچەکە، پڕۆسەکە بەکوردیی کرایەوە . بە پێی بڕیارێکی پەروەردە لە حکومەتی کوردستان، خوێندەڤانانی دەڤەرەکە بۆ سێ ساڵ لە تاقیکردنەوەی (زمانی کوردی) لە ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا بەخشران، سەرچاوەیەك لە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموور بە (ئازادیی قەرەچووغ) ی راگەیاند کە "بڕیاری بەخشینەکە بەردەوامەو بەپێی ئەو بڕیارە هەر خوێندەڤانێك لە خوێندن بە زمانی عەرەبی بێتە خوێندنگا کوردییەکان و بەزمانی کوردی بخوێنێ، ئەوا بۆ سێ ساڵ لە تاقی کردنەوەی (زمانی کوردی) دەبەخشرێ "، دوای تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر بەخشینی خوێندەڤانان لە تاقیکردنەوەی زمانەکە، بۆ ئەم ساڵ سەرچاوەکە رایگەیاند کەوا "لە ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵدا تەواوی خوێندەڤانان لە گشت قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەییەکان، بەشداری لە تاقیکردنەوەی (زمانی کوردی) دەکەن "، سەبارەت بە پرسی هەبوونی حالەتێکی وا کە خوێندەڤان هەیە ئەمساڵ لەو تاقی کردنەوە ببەخشرێ ..؟، سەرچاوەکە وتی "تەنیا یەك دوو خوێندەڤانمان هەیە کە لە خوێندنی عەرەبییەوە هاتوونەتە کوردیی و سێ ساڵەکەیان تەواو نەکردووە، بۆیە تەنیا ئەوانە دەبەخشرێن" .